عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

# خەمی زیندەگی

سێ کورتە شیعر



# (1)
# خەمی ژیان

بەردەوام دەبم
دڵ بۆ سادەیی دەکەمەوە
تا دەستم شل دەبێ لە مردن رادەکەم
تا دەستم شل دەبێ لە خۆم دەبمەوە
نزیك لە سروشت
وەك با لە باوەشی دووری
دەچمەوە شار
بەردەوام دەبم
ناتوانم بەردەوام بم
نامبینی کە چۆن دەکەوم
نامبینی دەنگم نوزەی دێ
ئەوە هیچ نییە
بەردەوام دەبم
گوێ لە دڵی مردووان دەگرم
ئەوەی گوێی بۆ دەگرم خۆم نیم
ئەوەی گوێی بۆ دەگرم کێ بێ
پەیوەندی بە دڵەوە هەیە
تا دەستم شل دەبێ





شیعر

مردووە نەمرەکان دەدوێنم
باوەش بۆ خۆم دەکەمەوە
ئەوە هیچ نییە
لە شاردا هەم زیندووەکان و هەم مردووەکان
گاڵتە بە یەکتری دەکەن
وەك ململانێ لەسەر هێز
دادپەروەری
لە دوکانی نادادپەروەری دەفرۆشن
ئازادی لە ئازادی دەگرنەوە
ئەوە هیچ نییە
ناتوانم بەردەوام بم
دوور لەو کاتەی کە هێز دەبێتە گەمژەیی
لەو کاتەی کە مردووان دەبنە نەمر
کە دەنگم دێ لە گۆڕستان
باوەش بۆ خۆم دەکەمەوە
بەلام نەمزانیوە مردووم.

## (2)
## دڵدارانە زۆر دڵدارانە

هاوڕێیەکەم ئەوەندە لە نێو سروشتدا مایەوە
دڵی بوو بە درەخت
دڵدارانە زۆر دڵدارانە سەوز بوو
با بردەڵەیە و رەنگ زەرد
هاوڕێیەکەم ئەوەندە لە سینەی گەلاکان راما
وەکو زستان هەستی تاریکی کردووە
دڵدارانە بە خوڕ دەخوێنێ وەك باران
دڵدارانە سپی بۆتەوە وەك ئاشتی
دڵدارانە دڵم بە سروشت دەکرێتەوە
بە دڵدارەکان دەڵێم
ئارەزووی ئێوە ئارەزووی ئەویترە
گەورە و بچوك
من هیچم نییە بیدەم بە دنیا
دنیا هیچی لە من ناوێ
ئارەزووی من دنیا نییە
ئەویتر نییە
دڵدارانە زۆر دڵدارانە
لە شەڕی ئەو شتە بمپارێزن کە داوای دەکەم.



2016/11/11 هەولێر

# (3)
# مەل و مرۆڤ و نەی

-نەی
من چیم دەوێ
چاو دادەخەم
بێ بەش بوونی خۆم دەخوێنم
-مەل
چیتان دەوێ
فڕینی من ئاسمانێکە
ئارەزووی من کۆمەڵێ ئاسمانی ترە
خۆم لە زەوی دەگرمەوە
-مرۆڤ
چییان دەوێ
ئەو دەبینم
کە چۆن وەك مەل باڵدەگرم
دڵم وەك نەی دەناڵێنێ
-مەل
ئای مرۆڤی بێ پێکەنین
وەك باڵ لە فڕین
لە کتێبان نایەیتەوە
-نەی



شیعر





لەگەڵ پێکەنینی بێ مرۆڤ
ناچمە سروشت
-مەل
مرۆڤ بێگانەیە
-نەی
مرۆڤ بێ رووە
- مرۆڤ
هەر ئەوەندە بیست سێبەری دیکەی هەیە
(من هیچ ناڵێم
بووم بە نیوەڕۆی ئاسمان
بووم بە سێبەری سەر زەوی)

گۆڤارێکی ئەدەبیی وەرزییە 327

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات





شیعر